# چەواشەکاریەکانی پشتی دەستەواژەی

# دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کورد!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk



بۆ هەموو پەنابەران ڕۆشنە کە دیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەرئەنجامی ئیتفاقاتێکی نێوان دەوڵەتی بەریتانیاو حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئیتفاقاتێکی سیاسی کەهەردوو لایان سودمەندن لێی، بەتایبەت ئەم سێ وەجبە پەنابەرەی کەلەبەریتانیاوە لەشوێنی کارو ناو ماڵ و لەکاتی ئیمزای پۆلیسدا دەستگیردەکران، ناردنەوەیان بەدەست بەسراوی و لەفرۆکەخانە و بەفرۆکەی سەربازی و ئاسانکاری خستەئیختیاری فرۆکەخانەی هەولێری حکومەتی هەرێم بۆیان و تەسلیم کردنەوەیان وەك ئەسیری جەنگی، ئەمانە هەمووی یەك تۆزقاڵ تەوەهومی لای خەڵکی نەهێشتۆتەوە لەوەی کەنەك حکومەتی هەریم بەدژی ناردنەوەی پەنابەران نیە، بەڵکو خۆی لەپشت ئەو سیناریۆیەدایە!.

بەلام بەپێچەوانەی ئەو ڕاستیانەی کەخەڵك دەیزانێ و زۆر بێپەردە، ئەمڕۆ لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەژێر فشارێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکی دا هاتونەتە قسەو بەرامبەر بەدیپۆرتی پەنابەرانی کورد تاکیدیان لەوە کردەوە کە ئەوان بەدژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقین و کار ئاسانی بۆ ئەوەش ناکەن.

ئەو قسانەی ئەنجومەنی وەزیران دورە لەراستیەوە، هیچ شتێك نیە جیالەوەی کە لەماوەی دەسەلاتیاندا بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە، لەکاتێکدا کەحەمەلەی سێیەمی حکومەتی بەریتانیا دەستی پێکردو بەسەدان پەنابەر دەستگیرکرا، وە کەمپینێکی فراوان لەلایەن فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەارنی عیراقیەوە دەستی پێکرد بەپشتگیری دەیان گروپی ئینساندۆست و چەپ، هەوڵدرا کەحکومەتی هەرێم ئەو ئیتفاقە هەڵوەشێنێتەوە یان ئاسانکاری نەکات بۆ دیپۆرتی پەنابەران و فرۆکەخانە نەخاتە ئیختیاری دیپۆرتی بەزۆری پەنابەرانەوە، بەلام بەپێچەوانەی ئەوانەوە، هەریەکەلە نوێنەرانی یەکێتی و پارتی دەیانویست کەخۆڵ بکەنە چاوی پەنابەرانی کوردەوە کەئەوان لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا دانیشتون یان نامەیان ناردوە بەدژی بەزۆر ناردنەوەن، هاوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێم، فرسەت ئەقوزێتەوە و لەیادی تەلەفونی ئێڵ جیدا، لەباتی هەتا لەپشت قسەی نوێنەرەکەیان بێت، تاکید لەوە دەکاتەوە کە زەرورە ئەوانەی لەدەرەوەن بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی ولات و نیشتمان پێویستی پێیان هەیە، هاوکات ئەو کاتەی کەفدارسیۆن و نوێنەرایەتی فدارسیۆن ڕاستیەکانی دەرخست، وە هەموو کەناڵە ناوخۆیی و دەرەکیەکان نەیانتوانی لەئاستی دا بێدەنگ بن و عەکسی نەکەنەوە، بەپەلە نوێنەرانی یەکیتی و پارتی دێنە قسەو چەواشەکارانە ڕوو بەخەڵك و پەنابەران قسەدەکەن، بۆ ئەوەی شەپۆلێکی ناڕەزاتی تر نەچێتە پاڵ نارەزایەتیەکانەوە....

هەڵوێستی ئەم دواییانەی حکومەتی هەرێم زۆر ڕۆشنتربۆتەوە لەوەی کەپێشتر دەیانوت ئێمە ئاگاداری ئەوەنین کەپەنابەران دیپۆرت ئەکرێتەوە، دەیانوت ئێمەکار ئاسانیمان نەکردوە! بەلام کاتێك کەوتنە ژێر فشارەوە نوێنەری یەکیتی ئیعترافی کردو نیگەرانی خۆی لەحکومەتی هەرێم دەبڕی کەبێهەڵویست نین لەو ڕوداوانەی پەنابەراندا... بەلام ئەمجارەیان ئیتر شتێك نەماوە بۆ پەنابەران و ڕای گشتی شاراوە بێت، ئیتر دەستەواژی ئێمە دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانین، ئێمە کارئاسانی ناکەین، ئەوانە هەمووی چەواشەکارین، لەکاتێکدا حکومەتی بەریتانیا، پەنابەران ڕاودەنێت، دەگرێت، زیندانی دەکات، بەشوێنیانەوەیە لەماڵەکانیان و لەسەرکارو لەئیمزای پۆلیسدا دەستگیریان دەکات و بەدەستو قاچ بەستراوی و بە فرۆکەی سەربازی دیپۆرتیان دەکاتەوە بەلام دەڵێت کەپەنابەران بەخواستی خۆیان دەگەرێنەوە، نەك دیپۆرت دەکرێنەوە بەزۆر!، باشە عەباس عوسمان بۆ لەزینداندا خۆی هەڵواسی و خۆی دەکوشت، ئەی حکومەتی هەرێم لەسەر چاوپێکەوتنەکانی پەنابەرانی 2/12 کەدیپۆرتکراوتەوەو لەکوردستانەوە باسی بەزۆر ناردنەوەو بەدەست بەسراوی و وەرگرتنیان بەشیوەی عەسکەریانە لەفرۆکەخانەی هەولێرە چی دەڵێت؟، ئەگرێ یەك ڕاپرسی لەناو پەنابەرانی بێوەلام و ئەوانەی وەلامیان هەیە بکرێت، بزانن لەهەزار پەنابەر تەنیا یەك کەسیان دەڵێت من بەخواستی خۆم دەگەرێمەوە، دەکرێ پەنابەران لەحکومەتی هەرێم و نوینەرانی یەکیتی و پارتی بپرسرێ ئەم ناڕاستیانە بۆ لەگەل خەڵك دەکەن، ئایا کامەیە ئەو پەنابەرانەی بەخواستی خۆیان دەگەرێنەوە تا ئەوان لایەنگری بکەن و ئاسانکاری بۆ بکەن!؟

ئەگەر تاکو ئێستا پەنابەران خۆشخەیاڵیەکیان بە یەکیتی و پارتی و حکومەتەکەیان هەیە بەدژیان کار ناکەن، ئاسانکاری بۆ دەوڵەتان ناکەن بۆ بەزۆر ناردنەوەیان، ئەوەی کە ئیتفاقیان نیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کەپەنابەرانی لیێە، لەمەبەدواوە زەرورە کە هیچ خۆشخەیاڵی و چاوەڕوانیەکیان نەمێنێت، قسەکانی هەریەك لەنوینەرانی یەکیتی و پارتی لەدوو هەفتەی ڕابردودا، قسەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەدوایدا دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران، هیچ ناڕۆشنیەك ناهێڵێتەوە، ئەو قسانەی ئەوان هیچ شتێك نیە تەنها چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی پەنابەرانەوە نەبێت، هەروەك چۆن لەشانزە ساڵی رابردودا بەرامبەر خەڵکی کوردستان کردویانە، ئەو قسانە هیچ شتێك نیە ئەوە نەبێت کەکەوتونەتە ژێر فشارێکەوە کەکەمپینی دژی دیپۆرتی پەنابەران لەرێگای فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیەوەو حیزب و رێکخراوەی ئینسادۆست و چەپەکانەوە بەرێخراوە، لەولاشەوە لەکوردستان بەجیا لەنارەزایەتیەکانی جەماوەر لەسەر پێداویستیە ڕۆژانیەکانی ئاوو کارەباو سوتەمەنی و بەدژی گەندەڵی، دەنگی نارەزایەتیان بەڕوی حکومەتی هەرێمدا بەرزکردۆتەوە بەدژی بەزۆر ناردنەوەی ڕۆڵەکانیان کەپاروە نانێك دەخەنە سەرسفرەی خاڵیان و پارە دەنێرنەوە بۆ کەسوکاریان، بەلام حکومەتی هەرێم ئەوەشیان پێڕەوا نابینێت.

پەنابەران ئێوە نەوەیەکی تازەو دەورەی دەسەلاتدارێتی ئەو حیزبانەن هەریەك لەئیوە لە3 تا 8 ساڵە لەم ولاتانەن و لەتاو گەندەڵی و سەرکوت و دزینی دەسەلاتدارێتی ئەوان هەلاتون لەپیناوی ژیانێکی شیاوی ئینسانیدا، بەلام حکومەتی هەرێم و حیزبەکانیان هەروەك لەکوردستان دەخالەتی لەژیان و چارەنوستاندا دەکرد، لەدەرەوەش بەهەمان شێوە، وەرن و خۆتان لەچەواشەکاری و سەرکوتی ئەوان ڕزگار کەن لەپێناو ژیانێکی ئیستقراو باشترا بۆخۆتان، لەدەوری کەمپینی فدارسیۆن کۆوەبن و بەدژی سیاسەتی سات و سەودای یەکیتی و پارتی و حکومەتی هەرێم بوەستنەوە.

2007/2/21